سماحەتی حەکیم ستایشی هەنگاوی وەقفی سوننە دەکات بەخزمەتکردنی سەردانیکەرانی ئیمامی حوسێن و دیمەنەکە بە یەکێتی نیشتمان بەرجەستە دەکات

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

لەڕۆژی 10-9-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز شێخ مەشعان خەزرەجی سەرۆکی دیوانی وەقفی سوننە کەوت، لەم دیدارەدا سەماحەتی گرنگی یەکخستنی ڕیزەکانی بەرامبەر ئەو ڕکابەریانەی تووشی جیهانی ئیسلامی دەبنەوە کرد و ستایشی هەنگاوی دیوانی سوننەی کرد لە بەشداری کردنی لە خزمەتکردنی سەردانیکەرانی ئیمام حوسێن چلەی (سڵاوی لەبێت) و گوتی ئەو دیمەنە یەکێتی و یەکبوونی عێراقی تێدا بەرجەستە بوو.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە لەسەر گرنگی و پێشخستنی گوتاری ئاینی بەشێوەیەك کە لەگەڵ ڕکابەرییەکان و پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە بگونجێت لەڕێگەی چێکردنی پرۆگرام و چالاکییەکانی ئامۆژگاری و ڕێپیشاندانی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆ توێژی لاوان، جەختیشی کردەوە لەسەر بەکارھێنانی تەکنەلۆژیای تازە لەبەر ئەوەی نزیکترە و باشترە و داواشی کرد دامودەزگا ئاینییەکان لە کێبڕکێ سیاسی ئاسایی بەدوور بگیرێت و گوتاری ئاینی عێراق و گەلەکەشی دوور بێت لە لایەنگری لایەك لێرە یان لەوێ.